ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

ڕێبەری هەشتەم - وانەی ٤٧

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بکەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بکە بۆ بونیادنانی کڵێسای مەسیح .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) بینینی یۆحەنا

بە نۆرە بەشداری بکەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (بینین ١٥- ١٨) لەگەڵ ڕەچاوکردنی کات باشترە بەشداریکردنەکان کورتخایەن بن .
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بکەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) یۆحەنا 18: 36

به شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە) **تیارامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن بۆ : یۆحەنا ١٨: 36 .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ئازار و سەروەریی خودا

پێشەکی : ئەم فێرکردنە تایبەتە بە ئازار . ئازار توشی باوەڕدارو بێ باوەڕ دەبێت بەبێ جیاوازی ، هەندێ لە خەڵکی ئازار دەچێژن بەشێوازی جۆراوجۆر ، وە وەڵامدانەوەیان بۆ ئازارەکانیان بەشیوازی جیاوازە . بەڵام هەموان لە ململانێدان لەگەڵ دوو پرسیاردا: بۆچی ئازار ؟ وە مەبەست وئامانج چێ یە لە ئازار؟ ئەم وانەیە ئامانجی ئەوەیە چارەسەری ئەم دوو پرسیارە بکات .

أ. دەبێت گوزارش بکرێت لە ئازارو ناخۆشی

١. چەندین شێوەی جایاوزی ئازار هەیە .

پێشەکی : خەڵکی بەشێوەی جۆراوجۆر ئازار دەچێژن.

هەندێکیان توشی دڵەڕاوکی دەبن لەوەی خۆیان بدەنە دەستەوە ، هەرچیەك بێ شێوەی ئازار هەمیشە دەبێتە هۆی ئێش و سەختی .

٢. دەبێت دەرفەت بڕەخسێ بۆ گوزارش کردن لە ئازار .

پێشەکی : ئەوانەی ئازاریان هەیەو لە ناخۆشیدان هەوڵ دەدەن بۆ وەڵام ، بەڵام پێش ئەوە دەبێت دەرفەتێک بڕیخسێنن بۆ گوزارش کردن لە ئازارەکەیان و دڵتەنگیەکەیان ، وە کاتیان هەبێت بۆ ئەوەی ناخیان ئەوە قبوڵ بکات . زۆرێك لە کەسایەتیەکانی نێو کتێبی پیرۆز ئازاریان چەشتوە ، وە هەستکردن بە ئازارو دڵەڕاوکێیان تاقی کردەوە /

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : خەڵکی نێو کتێبی پیرۆز چۆن گوزارشیان کرد لە ئازارەکانیان ؟

أ ئەیوب .

ئەیوب ٣: ١- ٢٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

ب. داود .

زەبور ٦: ١- ١٠ بخوێنەوە .

تێبینیەکان . هەروەها بڕوانە زەبور ٦: ٦- ٧ ؛ زەبور ٣٠: ١- ١٢ ؛ زززەبور ٣٠: ٨- ٩ ؛ زەبور ٦٩: ١- ٢١ ؛ زەبور ١٤٢: ١- ٧ ؛ زەبور ١٤٢: ٤، ٦ .

ج. عیسا .

مەتا ٢٧: ٤٦ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

تەنانەت عیساش گوزارشی کرد لە ئازارەکەی و بە دەنگی بەرز هاواری کرد بە ئازارەوە "خودایە خودایە بۆ وازت لێهێنام ؟"

پوختە : دەتوانی چاو لە ئەیوب و داود وعیسا بکەیت لە گوزارش کردنی ئازارت . کاتی تەواو بدە بە خۆت بۆ گریان . دەتوانی نوێأ بکەیت بە نوێژی ئازاردراوەکان لە زەبور بەشێوازێك گوزراش بکەیت لە دڵتەنگی زۆرت لەبەردەم خودا . خودا گرنگی دەدات بەوەی هەستی پێدەکەیت و بە ئازارەکەت . ئەو فرمێسکەکانت دەبینێ وگوێی لە ناڵەو هاوارەکەتە کە داوای یارمەتی لێدەکەیت !

٣. ئازار وا دەکات خەڵکی دیکەش وەڵام و پەرچەکرداریان هەبێت.

پێشەکی : خەڵکی تەنها بەرامبەر ئازارەکانیان وەڵمدانەوەیان نابێت وبەس ، بەڵکو هەروەها بەرامبەر بە خەڵکی دیکەش ، هەندێ لە خەڵکی و هەندێ ئایین ، پێیان وایە هەموو جۆرەکانی ئازار و ناخۆشی سزای گوناهەی کەسێتیە ، حوکم دەدەن بەسەر ئەوانەی ئازارێك یان انخۆشیەکیان هەیە و بە "تاوانبار" ناویان دەبەن ، وەکو سزادراوە و

شایستەی ئەو سزایەیە . یان حوکم دەدەن بەسەر هۆوانەی ئازار دەچێژن و پێیان وایە مایەی شەرمەزاری و خەجاڵەتین بۆ خێزانەکەیان وە هەوڵ دەدەن ئەو شەرمەزاریە لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە (بۆ نمونە کەسێکی گۆج و کەمئەندامیان دەشارنەوە لەبەرچاوی خەڵک و کۆمەڵگە) . بەڵام عیبرانیەکان ٤: ١٥- ١٦ فێرمان دەکات کە عیسا سۆزدارە لەگەڵ لاوازیەکانمان و نیعمەت و بەزەییمان دەداتێ تاکو یارمەتیمان بدات لە کاتی پێویستدا . هەروەها بڕوانە (٢کۆرنسۆس ١: ٤ ..) .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چۆن دەبێت باوەڕداران وەڵامی ئازاری کەسانی تر بدەنەوە ؟

أ گریان .

ڕۆما ١٢: ١٥ بخوێنەوە .

تێبینیەکان . دەبێت باوەڕداران بگرین لەگەڵ ئەوانەی دەگرین .

ب. سۆزداری و تێگەیشتن .

مەتا ٢٧: ٤٦ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٣٤ بخوێنەوە .

تێبینیەکان . دەبێت باوەڕدارانی مەسیح سۆزدار بن لەگەڵ ئەو باوەڕدارانەی مەسیح کە بەهۆی باوەڕیان بە عیسای مەسیح زیندانی کراون.

ج. سەردان و نوێژو یارمەتیدانیان .

مەتا ٢٥: ٣٩ ؛ ٢٧: ٤٦ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٤ بخوێنەوە .

تێبینیەکان .

دەبێت باوەڕداران سەردانی ئەوانە بکەن ئازار دەچێژن لە جیهاندا و فێربن کە چۆن ئازار بچێژن لەگەڵیاندا و چۆن یارمەتیان بدەن و هانیان بدەن .

ب. خەڵکی ئازار دەچێژن بەهۆی کارە هەڵەکانیانەوە .

پێشەکی : زۆرجار خەڵکی ئازار دەچێژێ بەهۆی کارە هەڵەکانیان لەبەرچاوی خودا ، وە هەندێ جار بەهۆی کاری دروست لەبەرچاوی خوا ، چەندین هۆکار هەیە کە خەڵکت توشی ئازار دەکات لە جیهاندا .

١. خەڵکی ئازار دەچێژن بەهۆی تاوانیانەوە .

أ. هۆکاری سەرەکی ئازاری ڕەگەزی مرۆڤ کەوتنە .

پەیدابوون ٣: ١- ١٩ ؛ ڕۆما ٨: ١٨- ٢١ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هۆکاری سەرەکی ئازار کامەیە بۆ ڕەگەزی مرۆڤایەتی ؟

تێبینیەکان . پەیدابوون بەشی ٣ ؛ ڕۆما ٥: ١٢، ١٧- ١٩ بەراورد بکە بە کردار ٣: ٢١ .

ب. هۆکاری بەردەوامی ئازارەکانی ڕەگەزی مرۆڤ تاوان وگوناهەیە .

زەبور ١٤: ١- ٣ ؛ ڕۆما ١: ١٨- ٢٣ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بۆچی تائێستا ڕەگەزی مرۆڤ ئازار دەچێژێ ؟

تێبینیەکان . تاوان واتە پەیوەندیەکی هەڵە لەگەڵ خودا واتە مرۆڤ باوەڕی بە خوداو بوونی نیە ، یان باوەڕی وایە خودا خودای کتێبی پیرۆز نییە (ئیلحاد ، بێ دینی و کوفر پێناسەیەکی تایبەتیان هەیە بۆ خودا) ئیدی هەموو ئەمانە جۆرێك لەیاساو بیرباوەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە دوور لە خودا ، تاوان واتە ژیانی دوور لە خودای کتێبی پیرۆز یان ژیانی پەیوەندی هەڵە لەگەڵ خودای کتێبی پیرۆز !

٢. خەڵکی بەهۆی خراپەکاریانەوە ئازار دەچێژن .

ڕۆما ١: ٢٤- ٣٢ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : بۆچی تا ئێستا خەڵکی ئازار دەچێژێ لەم سەردەمەدا ؟

تێبینیەکان . تا ئێستا خەڵکی ئازار دەچێژن بەهۆی خراپەی بەردەوامیانەوە وە بیر لە شیوازی خراپە دەکەنەوە (ڕۆما ١: ٢٨- ٣٢ ، وەکو گێلایەتی ڕۆحی و ڕق لێبوونەوە لە خودا ، گەندەڵی ولادانی سێکسی و بێ ڕەوشتی و چاوچنۆکی ماددی ، گومڕایی و فێڵ و دووزمانی کۆمەڵایەتی و فشەو شانازی کردن بەخۆوەو لوتبەرزی و خواروخێچی سیاسی و دەست پیسی . خەڵکی پڕ بوونە لە خراپەو خراپەکارن و بیر ە خراپە دەکەنەوە و بەشانوباڵی خراپەدا هەڵدەدەن ، بۆیە سەیر نیە کاتێ خەڵکی ئەم گوناهەو هەڵانە دەکەن بەرامبەر بەیەکتر ئیدی ئازار دەچێژن !

٣. خەڵکی ئازار دەچێژن چونکە ڕاستی خودا دەگۆڕن .

لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ یۆحەنا ٩: ٣٩- ٤١ ؛ ڕۆما ١: ١٨ ، ٢٣ ، ٢٥؛ ١یۆحەنا ١: ٨- ٢: ٢بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو شتانە کامەیە خەڵکی دەیکەن بەشێوەی چەندبارە و وایان لێ دەکات ئازار بچێژن ؟

تێبینیەکان .

أ. خەڵکی بە بەردەوامی ڕاستی دادەپۆشن و دەیگۆڕن بە درۆ .

بەهۆی ئەم کارەیان زۆرینە ئازار دەچێژن . لۆقا ٥: ٣١- ٣٢ ؛ ١یۆحەنا ١: ٨- ٢: ٢ ؛ یۆحەنا ٨: ٣١- ٣٦ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٥- ٣٧ .

ب. ڕاستی کامەیە ؟

"ڕاستی " خودای کتێبی پیرۆزەو ئەوەیە کە دەیڵێ ودەیکات (یۆحەنا ١٤: ٦؛ ١٧: ١٧).

هەروەها بڕوانە مەتا ١٠: ٤٠ ؛ لۆقا ١٠: ١٦ ؛ یۆحەنا ٦: ٣٧ ، ٤٤ ؛ یۆحەنا ٨: ١٩ ، ٤٤ ؛ یۆحەنا ١٢: ٤٧- ٥٠ ؛ یۆحەنا ١٣: ٢٠ ، ١٤: ٩- ١٠ ؛ ١٤: ٢١، ٢٣ ؛ یۆحەنا ١٧: ٢ ، ٦ ، ٩ ؛ ١یۆحەنا ٤: ١٥ ؛ ١یۆحەنا ٥: ١ ؛ ٢یۆحەنا ٩ .

ڕاستی ئەوەیە کە خودا دەیڵێ سەبارەت بە مرۆڤ و باری مرۆڤ کاتێ باوەڕ دەهێنێ بە خودا . ئیشایا ٤٣: ١- ٤ ؛ یەرمیا ٢٩: ١١ ؛ یۆحەنا ١٥: ٥ .

ج. بەمەش دەبینین ڕاستی گرێدراوە بە خوداو وشەکانی و کارەکانیەوە لە کتێبی پیرۆزدا .

٤. خەڵکی ئازار دەچێژن بەهۆی ڕاستێتی مردن .

ژیرمەندی ٩: ٢- ١٢ ؛ ڕۆما ٦: ٢٣ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : هەموو خەڵکی لە ترسی مردن ئازار دەچێژن . بۆچی زۆربەی خەڵکی لە مردن دەترسن ؟

تێبینیەکان .

خەڵکی ئازار دەچێژن چونکە دەزانن دەمرن . چونکە هەمویان گوناهەیان کرد وهەمویان دەمرن . ٢تیمۆساوس ٦: ٧ .

٥. خەڵکی ئازار دەچێژن بەهۆی حوکمدانەکانی خودا .

أ. حوکمدانی ئێستای خودا کە دەبێتە هۆی ئازاردانی خەڵکی .

گەڵاتیە ٦: ٧- ٨ عامۆس ٤: ٦- ١٢ ؛ حەگەی ١: ٦- ١٠ ؛ حەزقێیل ١٤: ٢١ ؛ گەڵاتیە ٦: ٧- ٨ .

خەڵکی ئازار دەچێژن چونکە خودا حوکمدانیان بۆ دەهێنێت و ئەوانیش گوێی نادەنێ و ڕەتی دەکەنەو لێی یاخی دەبن . حەگەی ١: ٦- ١٠ ؛ حەزقێیل ١٤: ١٢ ؛ بینین ٨: ٦- ٩ : ٢١ ؛ عامۆس ٤: ٦- ١٢ .

ب. حوکمدانەکانی ئایندە لەلایەن خوداوە دەبێتە هۆکاری ئازار چەشتنی خەڵکی . عیبرانیەکان ٩: ٢٧ ؛ مەتا ٢٥: ٤٦ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٨- ٩ بخوێنەوە .

ج. باوەڕدارانی مەسیح ئازار دەچێژن بەهۆی کارە چاک و ژیانە چاکەکەیانەوە .

نێردراوەکانیش هەروەها ئازاریان چەشت بەهۆی کارە باشەکانیانەوە ، باوەڕدارانی ئەمڕۆش بانگکراون بۆ هەڵگرتنی هەمان ئەو ئازارانە بەهۆی کارەکانیانەوە کە چاك وباشە .

١. زۆرجار باوەڕداران ئازار دەچێژن چونکە ناتوانن بارودۆخیان بگۆڕن .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕداران دەبێت چۆن هەڵسوکەوت بکەن لە باردۆخە سەختەکاندا ؟

أ. ڕەنگە بارودۆخی سەخت ئەوەی باوەڕدار توشی دەبێت هۆکارەکەی ئەوە بێت لە وڵاتێکی سەختدا دەژی . کردار ١٧: ٢٥- ٢٦ بخوێنەوە . تێبینیەکان .

ب. ڕەنگە بارودۆخی باوەڕدار ئەوەبێت کۆیلەی گەورەکانی زەوی بێت .

١پەترۆس ٢: ١٨- ٢٠ ؛ ئەفەسۆس ٦: ٥- ٩ ؛ کۆلۆسی ٣: ٢٢- ٤: ١؛ مەتا ٥: ٦؛ کردار ٥: ٢٩ بخوێنەوە .

تێبینیەکان . پەیوەندی گەورەو کۆیلە نمونەیەکە بۆ بارودۆخی سەخت ، زۆرێك لە ژنان هەن لە جیهاندا خزمەتکارن یان دایەنگەیی دەکەن لە ماڵەکاندا بەهۆکاری ئایینی یان کلتوری . وە زۆرێك لە منداڵان لە وڵاتە هەژارەکاندا وەکو کۆیلە بەکار دەهێنرێن لەلای سەرمایەداران و خاوەن کارەکان . وە زۆرێك لە کرێکارەکان دەخەڵەتێنن بە کرێی زۆر کەم و بێویژدانانە .

باوەڕداران دەبێت چۆن بڕوانن کۆیلایەتی ؟

لە سەردەمی نوسینەوەی پەیمانی نوێ کۆیلایەتی هێشتا بڵاو بوو وە زۆرێك لە خەڵکی دەیاننازاند بەدەست گەورە دڵڕەقەکانیانەوە . (١پەترۆس ٢: ١٨) ؛ لۆقا ١٢: ٣٥- ٤٨ ؛ دەرچوون ٥: ٦) . پەترۆس هانی دەدان ڕێز بگرن لە گەورەکانیان چونکە هیچ سودێکی نەبوو بەرهەڵستی کردنیان بگرە زیاتر خۆیان توشی ئازار وناڕەحەتی دەکرد .

باوەڕداران چۆن دەڕوانێنە پەیوەندی کرێکارو خاوەن کار ؟

دەکرێ هەمان پەیوەندی کۆیلە بە گەورەکانیانەوە پەیڕەو بکرێ لەنێوان کرێکارو خاوەن کاردا بۆ ئەمڕۆ .

یاقوب ٥: ١- ٦ . وە دەبێت دوور بن لە بەرتیل و فێڵ و درۆ و دزی و هەر جۆرە خراپەیەك . کردار ٤: ١٩ ــ ٢٠ ؛ ٥: ٢٩ .

٢. زۆرجار باوەڕداران ئازار دەچێژن چونکە بە ڕاستودروستی و چاکەکاری دەژین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕداران چۆن دەبێت بژین لەو بارودۆخەدا کە کە ئازار دەچێژن بەهۆی کارە چاکەکان وڕاستودروستیان لەبەرچاوی خودا ؟

أ . پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن توشی چەوسانەوە بوون . عیبرانیەکان ١١: ٣٦- ٣٧ بخوێنەوە.

تێبینیەکان . زۆربەیان توشی دادگایی کردنی ستەمکارانە بوون لەژێر سوکایەتی و ئەشکەنجەدا وە زیندانی کردنیان و کۆتوبەند کردنیان وە تیایاندا بوو حوکم درا بە سەنگ بارانکردن و کوژرا یان بە مشار بڕیانەوە یان بە سەربڕین بە شمشێر ، وە هەندێکیان هەڵهاتن و بە کەوڵی مەڕ وبزن خۆیان دادەپۆشی و ئازاریان دەچەشت بەهۆی پێویستی و تەنگوچەڵەمەو ستەمەوە .

ب. باوەڕدارانی مەسیحیش هەروەها توشی چەوسانەوە دەبن .

مەتا ٥: ١٠- ١٢ ؛ عیبرانیەکان ١٠؛ ٣٣- ٣٤ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٢ بخوێنەوە .

تێبینیەکان . مەتا ٥: ١٠- ١٢ فێرکردنەکانی عیسا لەم ئایەتانەدا بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە فیلیپی ٣: ٢٠ ؛ عیبرانیەکان ١٠؛ ٣٢- ٣٤ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٢ .

٣. زۆرجار باوەڕداران دەچەوسێنەوە چونکە شایەتێکی سەرڕاستی عیسای مەسیحن .

مەتا ١٠: ١٦- ٢٠ ؛ کردار ٢٠: ٢٩- ٣١ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٥- ١٦ بخوێنەوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : باوەڕداران چۆن هەڵسوکەوت دەکەن کاتێ دەنێردرێن بۆ شایەتی دان ؟

تێبینیەکان .

دەبێت باوەڕداران ڕووبەڕووی ئازار ببنەوە بە دانایی و بێتاوانی و ڕاستودروستیەوە . گۆرانی گۆرانیەکان ٥: ٢ .

دەبێت باوەڕداران ئازار نەچێژن بەهۆی هەڵەو گوناهەوە . مەتا ١٢: ١٠ ؛ یۆحەنا ٨: ٦ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٥ – ١٦ .

دەبێت باوەڕداران کەڵک وەربگرن لە دەرفەتی چەوسانەوە تاکو شایەتی بدەن بە بەپرسانی حکومەت . ٢کۆرنسۆس ١١: ٢٤ .

ب. دەبێت باوەڕداران ئەم جۆرە ئازارو ناخۆشیانە بە بەشداریکردن لەئازاری عیسای مەسیح دابنێن . کردار ٢٦: ١٤ ؛ ڕۆما ٨: ١٧ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٥ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٤ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٢- ١٤ .

ئازارەکانی مەسیح . مەتا ١٠: ٢٥ ؛ یۆحەنا ٨: ٤٨ ؛ یۆحەنا ١٠: ٢٠ ؛ یۆحەنا ١٥: ١٨- ٢١ ؛ مەتا ٢٦: ٣- ٤ ؛ مەتا ٢٦: ٥٩- ٦٠ ؛ مەتا ٢٧: ١- ٢ ؛ مەتا ٢٧: ٢٧- ٣١ ، ٣٥ .

ئازاری پۆڵسی نێردراو .

کردار ٢٦: ٩- ١١ ؛ ٢تیمۆساوس ١١: ٢٣- ٢٦ ؛ گەڵاتیە ٦: ٦- ١٧ .

بەشداریکردن لە ئازاری عیسای مەسیح .

ڕۆما ٨: ١٧ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٥ .

پڕبوون لەئازاری پێویست .

کۆلۆسی ١: ٢٤ .

بەشداریکردن لە شکۆی عیسای مەسیح .

ڕۆما ٨: ١٧ ؛ یۆحەنا ١٧: ٢٤ ؛ فیلیپی ٢: ٦- ١١ .

د. وەڵامدانەوەی ئازار .

١. وەڵامدانەوەی جیاواز هەیە بۆ ئازار بەدرێژایی مێژوو .

أ. داواکردنی نەفرەت لەسەر دوژمنان . زەبور ١٠: ١٥ ؛ ٥٨: ٦ .

داود نوێژی کردو داوای نەفرەت یان حوکمدانی خودای کرد بێتە سەر دوژمنەکانی .

عیسای مەسیح فێرمان دەکات کە چۆن وەلامی ئازار بدەینەوە .
دوژمنەکانتان پیرۆز بکەن ... داوای بەرەکەتیان بۆ بکەن . لۆقا ٦: ٢٧- ٢٨ ؛ ڕۆما ١٢: ١٤ .

ج. نکۆڵی کردن لە عیسای مەسیح

مەتا ١٠: ١٧- ٢٠ ، ٣٢- ٣٩ بخوێنەوە. هەندێ خەڵک دەترسن لە چەوسانەوە و نکۆڵی دەکەن لە عیسای مەسیح لەبەردەم خێزانەکانیان وکۆمەڵگەو حکومەت ، ئەوان لە ئازار دەترسن و نکۆڵی لە باوەڕەکەیان دەکەن بە مەسیح . مەتا ١٠: ٣٨ ئەوەی دەیەوێ دوای مەسیح بکەوێ دەبێت خاچەکەی بدات بە کۆڵیدا . مەتا ١٠: ١٩- ٢٠ . بە درێژایی مێژوو چەوسانەوە هەبوە بۆ باوەڕداران لەلایەن پیاوانی ئایینی ولایەنی دادوەری و سەکردە حکومیەکان و چەندینی تر کە دژایەتی مزگێنیدانیان کردوەو باوەڕدارایان چەوساندۆتەوە بەهۆی مزگێنیدانەوە .

بێدەنگی . مەتا ١٠: ٣٣ ؛ ٢تیمۆساوس ٢: ١١- ١٣ . ؛ مەتا ٢٦: ٥٩ – ٦٤ ؛ ١پەترۆس ٢: ٢١ – ٢٣ .

هـ . بەژیانێکی ڕاستودروست و چاکەکاری بژی . ١کۆرنسۆس ١١: ٢٣-٢٩ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٠- ١٢ .

٢. وەڵامدانەی شیاو بۆ ئازار .

أ. ئازار وەلانان .

دواوتار ١٠: ١٧- ١٨ ؛ ١٦: ١٧- ١٨ ؛ دەرچووم ٢٣: ٨ .

ب. هەڵهاتن لە ئازار .

مەتا ١٠: ١١- ١٤ ، ٢٣ بخوێنەوە .

ج. بەرهەڵستی ئازار .

ڕۆما ١٢: ١٧- ١٩ ؛ ١تیمۆساوس ٢: ١- ٦ بخوێنەوە .

هەروەها بڕوانە مەتا ٥: ١٠؛ ٢٥: ٣٧- ٤٠ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٣٣- ٣٤.

د. دانبەخۆگرتن لەبەرامبەر ئازار و هەڵگرتنی .

هـ . بەکارهێنانی ئازار وەکو ئامرازێك بۆ بڵاوکردنەوەی ڕاستودروستی . مەتا ٥: ٦ ، ١٠ ، ٢٠ ، ٣٨- ٤٢ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ٣٢ – ٣٤ ؛ ١٣ : ٣ ؛ مەتا ٢٥: ٣٧- ٤٠ .

٣. هەندێ بابەتی گرنگ کە تایبەتە بە ئازار .

أ. سزادانی منداڵ . پەندەکان ١٣: ٢٤ . نابێت باوکان وماموستایان لە کاتی سزای منداڵەکاندا لێیان بدەن بەشێوەی هەڕەمەکی و بریندارییان بکەن .

ب. لەباربردن . دەرچوون ٢٠: ١٣ ؛ زەبور ١٣٩: ١٣- ١٨ . لەباربردن واتە کوشتنی کۆرپە .

ج، کوشتنی بەزەیی . مەرقۆس ١٠: ١٩ بخوێنەوە . کوشتنی بەزەیی ئەوەیە کەسێك دەنالێنێ بەهۆی ئازارەوە یان بەهۆی خەمۆکی و چەندین باری دیکە بەڵام خودا ڕێگری دەکات لە کوشتن بەهەموو شێوەکانیەوە .

د. زیندانی تاهەتایی . دواوتار ٢٢: ٢٢٥- ٢٧ بخوێنەوە .

هـ . سزای مردن . پەیدابوون ٩: ٥- ٦ ؛ دەرچوون ٢١: ١٢- ١٤ ؛ ڕۆما ١٣: ٤ بخوێنەوە .

هـ . مەبەست یان بەهاو نرخی ئازار . باوەڕداران بەپێی کتێبی پیرۆز پێیان وایە ئازار هۆکارێکە خودا بەکاتی دەهێنێ بۆ بونیادنانی کەسایەتیان و ژیانیان . وە بۆ ئامادەکارییان بۆ ئاسمان دواتر .

١. ئازار دەتبات بۆ گوێڕایەڵی کردنی وشەکانی خودا . زەبور ١١٩: ٦٧- ٧١ بخوێنەوە .

٢. ئازار کەسایەتی و سروشتمان دەگۆڕێ . ڕۆما ٥: ٣- ٥ بخوێنەوە .

أ. ئازار خۆشی بەرهەم دەهێنێ . کردار ٥: ٤١ ؛ گەڵاتیە ٦: ١٧ ؛ مەتا ٢٥: ٤٠- ٤٥ ؛ کۆلۆسی ١: ٢٤ ؛ ١پەترۆس ٤: ١٣- ١٤ هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٣٥- ٣٩ ؛ ١کۆرنسۆس ٤: ٩- ١٣ ؛ ٢کۆرنسۆس ١: ٤- ١٠ ؛ ١١ : ٢٣- ٣٠ ؛ ١٢: ٧- ١٠ ؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١١- ١٢ .

ب. ئازار خۆڕاگری و چەسپان بەرهەم دەهێنێ . ٢کۆرنسۆس ١٢: ٩ .

٣. ئازار پێگەیشتوویی بەرهەم دەهێنێ . یاقوب ١: ٢- ٤ ؛ عیبرانیەکان ١٢: ١- ١٣ .

٤. ئازار ئازایەتی و جوامێری و نەترسی بەرهەم دەهێنێ . فیلیپی ١: ١٢- ١٤ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە فیلیپی ٤: ٢٢ .

٥. ئازار پەیامی مزگێنی ئینجیل بڵاودەکاتەوە . ١سالۆنیکی ١: ٦- ٨ بخوێنەوە .

٦. ئازار شکۆی عیسای مەسیح دەردەخات . ١پەترۆس ٤: ١٤ بخوێنەوە هەروەها بڕوانە ڕۆما ٨: ٢٨- ٣٩ .

٧. ئازار باوەڕداری مەسیح ئامادە دەکات بۆ ئاسمان . مەتا ٥: ١١- ١٢ ؛ ٢سالۆنیکی ١: ٤- ٥ بخوێنەوە . هەروەها بڕوانە مەتا ٥: ١١- ١٢ .

خۆزگەتان پێدەخوازرێ کاتێ خەڵکی دەتانچەوسێنێتەوە لە پێناوی مەسیح دا . چونکە پاداشتتان مەزنە .

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت**

بە نۆرە نوێژ بکەن ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی پەیوەست بە " ئازار وسەروەریی خودا " .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە بینین ١٩- ٢٢ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن : ڕۆژانە بەو پێنج ئایەتەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بکە لە ماڵەوە : هەموو ئینجیلی یۆحەنا جارێکی تر بخوێنەوە بە شێوەی لێکۆڵینەوە بە وردی . بۆ پوختەی سیپارەیەك یان بەشێکی کتێبی پیرۆز دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە :

أ. کێ نوسەری ئەم بەشەیە و کەی و لە کوێ نوسی ، وە مەبەستی چی بوو لە نوسینەوەی ئەم ئینجیلە یان ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز ؟

ب. چۆن دەکرێ سیپارەکە دابەش بکرێ ، ناونیشانی گونجاو کامەیە بۆ سیپارەکە لەهەر بەشێکدا ؟

ج. گرنگتر دەرئەنجامەکان و پوختەی بیروباوەڕ ئەوەی لەخۆی گرتوە بەشەکەو سیپارەکە پێشکەشی کردوە کامەیە ؟

د. گرنگترین لایەنی کردارەکی کە دەکرێ لە سیپارەکەوە فێر بین ؟

هـ . ئەو ڕۆڵەی سیپارەکە دەیبینێ لەم سەردەمەی ئێستامان و کۆمەڵگەو وڵاتماندا ؟

. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە.